Democratic Women's Union Of Iranian Kurdistan

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
بە بۆنەی ٦٤ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان

خۆشک‌و برایانی هێژا!
ژنانی مافخوازی کوردو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!

چەند رۆژ دوای ڕێزگرتن لە ٨ی مارس لە ساڵی ١٩٤٦، بەرامبەر بە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، لە ٢٤ی ڕەشەممەی ئەو ساڵەدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وەک یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە کوردستانی ئێران بە مێتۆدێکی مۆدێرن‌و نۆژەن دامەزرا. بەم بۆنەوە گەرمترین‌و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمان پێشکەش بە هەموو خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەت ژنانی مافخوازی کوردو هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

شانازییەکی گەورەی ڕێکخراوەکەمان ئەوەیە کە لە دەورانی زێڕێنی کۆماری کوردستان دامەزرا. هەتا ئەو کات ژنان خواەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان نەبوون‌و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بوارکانی سیاسی، کزلتووری‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایان نەبوو، بەڵام بەم هەنگاوە قۆناغێکی نوێ لە خەبات‌و تێکۆشانی ژنان دەست پێکرا.

بێگومان شانازیی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێوکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری دێموکراتیکی کوردستان‌و حیزبە دامەزرێنەرەکەی، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان. چوونکە ئەو دەسکەوتە لەگەڵ دەیان دەسکەوتی زێڕین‌و هەنگاوی گرینگو مێژوویی دیکەدا لە چوارچێوەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا وەدی هات. دامەزرانی ڕێکخراوەکەمان هەنگاوێکی زۆر ئاسان‌و ساکار نەبوو، بەڵکوو لە ئیستراتێژییەکی قوڵ‌و گەورەوە سەرچاوەی دەگرت کە ڕێبەرانی کۆمارو بەتایبەت شەهید پێشەوا قازی محەممەد هەستی بە پێویستیی مێژووییەکەی کردبوو .

پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد، بە بیری تیژو ڕامانە ئینسانی‌و پێشکەوتنخوازانەی خۆی زیاتر لە هەموو کاتێك هەستی بە پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی کورد کردبوو، هاوکاتیش دەیزانی کە بە بێ بەشداری‌و چالاککردنی ژنان لە بوارگەلی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا، ئەرك‌و کاروبارەکانی کۆمارو کۆمەڵگا بە باشی بەڕێوە ناچن‌و بە نەخۆێندوارمانەوەی ژنان، کۆمەڵگای کوردستان پێش ناکەوێ‌و دەتوانێ ببێتە ئاستەنگو مەترسییەکی گەورەو جیددی بۆ مانەوەی دۆخی نەریتی‌و دواکەوتووانەی پێشوو. هەربۆیە بەستێنەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتداەتی ئەم کۆمارە ئامادە کراو بەم شێوەیە لە ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاندارو تێکۆشانی دەستی پێ کراو مینا خانمی قازی، هاوسەری بەوەفای پێشەوای بلیمەتی نەتەوەکەمان لە ریزی پێشەوەی خەبات، وەک بەرپرسی یەکیەتیی ژنان دیاری کرا.

بەڵام پاش ڕووخانی کۆمار، خەبات‌و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی ڕەوشو هەلومەرجە تایبەتییەکانی هەر قۆناغێکی خەباتی نەتەوەکەمان، تووشی هەورازو نشێوی زۆر بووە. بەڵام ئەوەی گرینگە، ئەمەیە کە ژنانی کورد دەستیان لەو ڕێبازە بەرنەداوەو لەو کاتەوە تا ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە پێناو دەستەبەربوونی مافو ئازادییە نەتەوەیی‌یەکانیان‌و دابین بوونی مافە ئینسانی‌و دێموکراتیکەکانی ژنان‌و یەکسانی لە کۆمەڵگادا تێکۆشاون‌و ئێستا دەیان ئۆرگانیزانسیۆن‌و ڕێکخراوی ژنان لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان لەم پێناوەدا خەریکی کارو چالاکین .

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە ڕێڕەوو درێژەدەری ئەو ڕێبازە دەزانێ کە ٦٣ ساڵ پێش ئێستا بە دەستی ژنانی ئازادەو مافویستی کورد دامەزرا، ئێستاش خەریکی کارو تێکۆشانەو لە بوارەکانی ڕێخستن، پێوەندی، ڕاگەیاندن، پەروەردەو هتد..لە نێو ئەندامانی خۆی لە کوردستان‌و چەندین وڵاتی دیکەی جیهان لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی تێدەکۆشێ .

بە بڕوای ئێمە، بەشداریی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ژنان لە نێو حیزب‌و ڕێکخراو هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستییەکی مێژوویی دێتە ئەژمارو هاتنە مەیدانی ژنانی کورد لە ئاستەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوو NGO و ئۆرگانیزاسیۆنی دیکەی تایبەت بە ژنان لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان و پێداگرییان لە سەر مافو داوا ڕەواو دێموکراتیکەکانیان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. بەتایبەت کە ئێستا رێژەیەکی بەرچاو لە کچان‌و ژنانی کورد یان خەریکی خوێندن لە زانستگاکاندان یان ئاستێکی خوێندنی ئاکادێمیان تەواو کردووە، ئەم فاکتەرە دەتوانێ گەورەترین یارمەتیدەر بێ بۆ گۆڕان لە بارودۆخی ژیان‌و خەباتی ژنان.

ئێمە لەم بروایەداین کە ژن‌و پیاو کاملکەرەوی یەکترن‌و ژیان لە هەموو بوارەکانیدا بە بێ یەکسانی‌و عەدالەت ناتەواوو کێشەخولقێنەو کۆمەڵگا بە هێزو توانای هەر دوو جینس لە پێناو ئەرك، ڕۆڵو مافی بەرابەری ژن‌و پیاو باشتر بەڕێوە دەچێ. ئێمە پێمان وایە کە تەنیا بە جێگربوونی دێموکراسی‌و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیك‌و دارشتن‌و بەڕێوەبردنی یاساو ڕێساکانی وڵاتەکەمان بە پێی ماددەکانی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ‌و کۆنڤانسیۆن‌و پەسەندکراوەکانی دیکەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران‌و کوردستاندایە کە ئازادی‌و یەکسانی ژن‌و پیاو مسۆگەر دەبێ‌و کۆتایی بە هەموو هەڵاواردن‌و زوڵم چەوسانەوەو تۆندوتیژییەك بە دژی ژنان دێتە کۆمەڵ بەختەوەر دەبێ. سەرکەوتن لەم ئامانجانەدا، بەر لە هەموو شتێك پێویستیی بە یەکگرتوویی، هاوخەباتی‌و هاوپێوەندیی هێزو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکەری مافی ژنان‌و هەموو مرۆڤە یەکسانخوازو دێمۆکراتەکان و لە پێش هەموویانەوە چالاکی نواندن‌و هاتنە مەیدانی ژنان بۆ خۆیانە.

بەرزو پیرۆز بێ ٢٤ی ڕەشەممە، ٦٤ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
سەرکەوێ خەباتی ڕەوای ژنان لە پێناو دەستەبەربوونی مافو ئازادییە ئینسانییەکانیان
بژی ئازادی‌و یەکسانی

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٨٨ی هەتاوی
١٤ی مارسی ٢٠٠٩ی زایینی